# ڕۆژی ئافرەتانی جیهان

بەشی دووەم



نووسینی: ئەلێکسەندرا کۆلنتای
و. لە ئینگلیزی یەوە: ئازاد ئارمان

## مەراسیمی شۆڕشگێرانە

رۆژی ئافرەتان یان ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار، رۆژێکە بۆ هاوپشتی نێونەتەوەیی، رۆژی پێداچوونەوەیە بە ڕیکخراوبوونی ئافرەتانی کرێکاردا. بەڵام ئەم رۆژە تایبەت نیە تەنها بە ئافرەتان. 8ی مارس ڕۆژێکی مێژووی و لە بیرنەچووەیە بۆ کرێکاران و جوتیاران، بۆ تەواوی کرێکاران لە ڕووسیا و هەروەها گشت کرێکاران لە جیهان دا.

لەم ڕۆژەدا لە ساڵی 1917 شۆڕشی شوباتی مەزن هەڵگیرسا.(1) ئافرەتانی کرێکار لە شاری پترۆگراد دەستیان دایە شۆڕش، ئەوان یەکەمین کەسانێک بوون ئاڵای دژایەتی دەسەڵاتی تزاری لایەنگرانیان راگەیاند. ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار دوو جار جەژنە بۆ ئێمە.

بەڵام ئەگەر ئەم رۆژە پشووی گشتی یە بۆ تەواوی پرۆلیتاریا، بۆچی پێی دەڵێن "ڕۆژی ئافرەتان"؟ بۆچی ئێمە مەراسیم و کۆبونەوەی تایبەتی بۆ دەگێرین، لە هەمووی گرنگتر ئامانجمان چی یە لە کرێکارانی ئافرەت و ئافرەتانی جووتیار؟

ئایا ئەمە یەکێتی و هاوپشتی چینی کرێکاران دەخاتە ڕەوشێکی مەترسی دارەوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئێمە پێویستە سەیری رابردووی خۆمان بکەین و بزانین ڕۆژی ئافرەتان چۆن هاتۆتە کایەوە، بۆ چی ئامانجێک خۆ ڕێکخەین.

## چۆن یاخود بۆچی ڕۆژی ئافرەتان ڕێکخرا؟

ساڵانێکی دوور نا، تەنها 10 ساڵ لەمەوبەر، کێشەی یەکسانی ئافرەتان، یاخود کێشەی بەشداربوونی ئافرەتان لە گەل پیاوان لە پەرلەماندا بوە جێگای مشتومڕ. چینی کرێکار لە تەواوی وولاتە سەرمایەداری یەکانی دونیادا دەستیان دایە خەبات بۆ مافەکانی ئافرەتانی کرێکار، بۆرژوازی نەیدەویست ڕەزامەندی مافەکانی ئافرەتانی کرێکار بکات.

بە قازانجی بۆرژوازی نەبوو چینی کرێکار مافی دەنگدانی هەبێت لە پەرلەماندا. هەروەها لە هەموو وولاتاندا ڕێگریی یاسایی دروست کرد بۆ ڕێگە گرتن لە مافی ئافرەتانی کرێکار.

سۆسیالیستەکان لە ئەمریکای باکوور بێوچان تێدەکۆشان لە پێناوی داخوازی مافی دەنگدان بە شێوەیەکی تایبەتی بەبێ راوەستان. لە 28ی شوباتی 1909 دا، ئافرەتانی سۆسیالیست لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبونەوە و خۆپیشاندانی گەورەیان بەرێخست لە سەرتاسەری وولاتدا لە پێناوی داخوازی یە سیاسی یەکانی ئافرەتانی کرێکار. ئەو رۆژە یەکەمین "ڕۆژی ئافرەتان" بوو. ئەم دەست پێشخەری یە بۆ ڕێکخستنی "ڕۆژی ئافرەتان"(2) بەم شێوەیە دەگەرێتەوە بۆ خەباتی ئافرەتانی کرێکار لە ئەمریکا.

لە ساڵی 1910دا، دووهەمین کۆنفراسی جیهانی ئافرەتانی کرێکار، کلارا زیکتین (3) دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی مەسەلەی ڕێکخستنی رۆژی ئافرەتانی کرێکارانی جیهان. لەم کۆنفراسە بڕیاریاندا هەموو ساڵێک لە تەواوی وولاتاندا لە هەمان ڕۆژ دا پێویستە مەراسیمی "ڕۆژی ئافرەتان" ڕێزی لێبگرن لە ژێر دروشمی " مافی دەنگدانی ئافرەتان هێز و یەکێتیمان پێدەبەخشێت لە خەبات بۆ سۆسیالیزم".

له ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، مەسەلەی بنیاتنانی پەرلەمانێکی دیموکراتی زیاتر...هتد، فراوان کردنی مافی بەشداری کردنی ئافرەتان لە دەنگدان دا، یەکێک بوو لە خاڵە بنچینەییەکان لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دا، کرێکاران لە تەواوی وولاتە بۆرژوازی یەکان مافی دەنگ دانیان هەبوو بێجگە لە ڕووسیا. (4) تەنها ئافرەتان و شێتەکان نەبێت لە سەر هەمان بیٚ مافی پێشوو مابوونەوە. هەر ئێستا لە هەمان کات واقیعیەتی داخوازی سەرمایەداری بەشداری یە لە ئابووری نیشتیمانی. هەموو ساڵێک ژمارەی ئافرەتان لە زیاد بوون دایە لە کارگە و کارخانەکان چ وەکو خزمەتکار یان وەکو پاقژکەرەوە. ئافرەتان کار دەکەن شان بە شانی پیاوان، سامان و گەنچینەی وولاتەکان بەرهەم هێنراوە لە سەر دەستی ئەوان. بەلاٚم ئافرەتان بیٚ بەش کراون لە مافی دەنگدان.

بەلاٚم لە ساڵی رابردوو دا پێش ئەوەی جەنگ دەست پیٚ بکات نرخی خواردن چووە سەریٚ، چوونە سەرەوەی نرخ وای کرد باشترین و ئاشتیخوازترین ئافرەتانی ماڵەوە ئارەزووی کاری سیاسی بکەن و خۆپیشاندان بکەن لە دژی بۆرژوازی و تالانی ئابووری. "ڕاپەرینی خانمانی ماڵەوە" پەرەی سەند و لە زیاد بوون و دووپات بوونەوەدا بوو، هەروەها گڕی گرت لە چەندین شوێنی جیاواز لەوانە: نەمسا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا.

ئافرەتانی کرێکار لەوە تێگەیشتبوون تەنها ئەمە بەس نی یە پەیوەندی بپچڕێنن لە گەل بازاری کوشک یان تاکی بازرگان، لەوەش تێگەیشتبوون بەم کارەیان ناتوانن نرخی بازار بێنە خوارەوە. پێویستە سیاسەتی دەوڵەت بگۆڕین. بۆ بەدەست هێنانی ئەمە چینی کرێکار دەبێت داخوازی مافی بەشداری کردن لە دەنگدان فراوان بکاتەوە.

پێویستە بریاری ڕۆژی ئافرەتان لە تەواوی وولاتان ئەم شێوەیە بەرێوە بچێت خەبات بێت لە پێناوی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتانی کرێکار. ئەم ڕۆژە دەبێت ڕۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بێت لە خەباتدا بۆ ئامانجی هاوبەشمان و ڕۆژی پێداچوونەوەیە بێت بە هێزی ڕێکخراوبوونی ئافرەتانی کرێکار لە ژێر ئالاٚی سۆسیالیزمدا.

## ئەنتەرناسیونالی یەکەم

## ڕۆژی ئافرەتان

بڕیاری کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی دووهەمی ئافرەتانی سۆسیالیست تەنها بڕیارێک نەبوو لە سەر کاغەز، بەڵکو سووربوون بوو لە سەر دەست نیشانکردنی ڕۆژی ئافرەتان لە 19ی مارسی 1911دا ، دانانی ئەم ڕۆژە بڕیارێکی کوێرانە نەبوو. هاوڕێ ئەلمانیەکانمان بۆیە ئەم ڕۆژەیان هەڵبژارد لە بەر ئەوەی ڕۆژێکی مێژووی و گرنگ بوو بۆ پرۆلیتاریای ئەلمانی. 19ی مارس، ڕۆژی شۆڕشی 1848 بوو، مەلیکی پروسیا بۆ یەکەمین جار ناچارە ڕێزدادەنێ بۆ هێزی چەکداری جەماوەری بۆ دوورخستنەوەیان لە ترسی سەرهەڵدانی راپەرینی پرۆلیتاری. لە ناوەراستی ئەو پەیمانانەی کە دابووی بە خەڵک دواتر لێ ی پاشگەز بوویەوە، کە سەرەتایەک بوو بۆ بە رەسمی ناسینی دەنگدانی ئافرەتان.

دوای 11ی جەنیوەری، تێکۆشان بۆ خۆئامادەکردن و دروستکردنی ڕۆژی ئافرەتان لە ئەلمانیا و نەمسا. ئەوان هەردوو پێکەوە پیلانیان دارشت بۆ خۆپیشاندان، بەڵێن یان دا بە ووتە و بە دەم، هەروەها بە ڕۆژنامەگەری. لە دەوری هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی ئافرەتان دوو رۆژنامەنووس رایانگەیاند: مافی دەنگدانی ئافرەتان لە ئەلمانیا و ڕۆژی ئافرەتان لە نەمسا. وتاری هەمەڕەنگ بوون تەرخان کرابوون بۆ ڕۆژی ئافرەتان..."پەرلەمان و ئافرەتان،" "ئافرەتانی کرێکار و ڕەوشی ئەنجومەنی شارەوانی،" " خانم مانی ماڵەوە چی پەیوەندێکی یان هەیە لە گەڵ سیاسەت؟"، هتد... لێکدانەوەی بەوردی مەسەلەی یەکسانی ئافرەتان لە پەرلەمان و لە کۆمەڵگا دا. تەواوی وتارەکان دەست نیشانی هەمان خاڵ دەکەن: بە تەواوی پێویستە پەرلەمان زیاتر دیموکراتی بکەیەنەوە بە سەپاندنی مافی دەنگدانی ئافرەتان.

لە ساڵی 1911 دا بۆ یەکەمین جار ڕۆژی ئافرەتانی جیهان بەرپاکرا. کە سەرکەوتن و بە دەست هێنانی هەموو ئاواتەکان بوو. لە ئەلمانیا و نەمسا ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار وەکو دەریا بلْقی دەدا و دەلەرزی . لە هەموو شوێنێک کۆبونەوە بەرێدەخرا... لە شارۆچکە بچووکەکان هەتا لە گوندەکان، هۆلەکان پڕ بوون لە خەڵک، لەوێ داوا لە کرێکارانی پیاو دەکرا جێگاکانیان بدەن بە ئافرەتان.

بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکەم جار بوو ئافرەتانی کرێکار نیشانیاندا کە شۆڕشگێڕن. پیاوەکان لە ماڵەوە بوون لە گەل منالەکان بۆ جارێک، هەروەها هاوسەرە لە قەفەزنراوەکان دەچوونە کۆبونەوەکان و گەورەترین خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام یان بەرێخست کە 30،000 کەس بەشدار بوو. پۆلیس هەولی دەدا

دروشمەکان لە خۆپیشاندەران بستێنێ، بەڵام ئافرەتانی کرێکار ڕووبەڕوویان وەستانەوە. لەم ڕووداوەی هاتە پێش، ئەوەی ئەم خوێن ڕشتنەی ڕاگرت تەنها یارمەتی و هاوکاری پەرلەمانتارە سۆسیالیستەکان بوون.

لە ساڵی 1913دا ڕۆژی ئافرەتانی جیهان گۆرا بۆ ڕۆژی 8ی ماس. ئەم ڕۆژە دەگەڕێتە بۆ خەبات و تێکۆشانی ئافرەتانی کرێکار.

## ئایا ڕۆژی ئافرەتان زەرووری یە؟

ڕۆژی ئافرەتان لە ئەمریکا و لە ئەوروپا ئاکامێکی سەرسام کەری هەبوو. لە ڕاستی دا یەک دانە کەس نەبوو لە پەرلەمانی بۆرژوازی بیر لە ئاسانکاری یەک بکاتەوە بۆ کرێکاران یاخود لێپرسراوەتی نیشان بدات لە بەرامبەری داخوازی یەکانی ئافرەتان. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بۆرژوازی ترسی نەبوو لە ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی.

بەڵام ڕۆژی ئافرەتان چەند شتێکی بە دەست هێنا، لە هەمووی گرنگتر شێوازی وروژاندنی ئەو هاورێ ئافرەتانە بوون کە کەمترین کاری سیاسییان دەکرد. ئەمانە کۆمەک نەبوون، بەڵکو هۆشداری یەک بوو بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکان، خۆپیشاندان، پۆستەر، نامیلکە، ڕۆژنامەکان بۆ ڕۆژی ئافرەتان. هەتاکو دواکەوتووترین ئافرەتی کرێکار وای بیر دەکردەوە کە "ئەمە ڕۆژی ئێمەیە، ئەمە ڤیستیڤالی ئافرەتانی کرێکارە" بە پەلە دەچوو بۆ کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان. دوای هەر یەک لە "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار"، ئافرەتان زیاتر پەیوەست دەبوون بە پارتە سۆسیالیستەکان و یەکێتی یە کرێکاری یەکان بەرەو پێش دەچوون. ڕێکخراوەکان وەزعیان بەرەو باشتر بوون دەچوو، هۆشیاری سیاسی گەشەی دەکرد.

ڕۆژی ئافرەتان ئەرکێکی تری خستە ڕوو: ئەویش بەهێزکردنی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران بوو. لە ڕێورەسمی تایبەتی دا پارتەکانی وولاتە جیاوازەکان بە گشتی قسەوباسیان ئالوگۆر دەکرد: هاورێ ئەلمانیەکان دەچوون بۆ بەریتانیا. هاورێ ئینگلیزەکان دەچوون بۆ هۆلەند...هتد. یەکێتی چینی کرێکارانی جیهان زیاتر بە هێز دەبوو ئەمەش مانای ئەوەیە خەباتێکی بەهێزی پرۆلیتاری بە گشتی لە بەرەوپێش چوون دایە.

ئەمانە سەرچاوەی تێکۆشانی ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار بوو. تێکۆشانی ئافرەتانی کرێکار لەم ڕۆژەدا کۆمەکی زیاتر دەکات بە هۆشیاری و ڕێکخراوبوونی کرێکارانی ئافرەت. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشداری ڕاستەوخۆ بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە لە پێناوی ژیانێکی باشتر بۆ چینی کرێکار.

## ڕۆژی کرێکارانی ئافرەت لە ڕووسیا

لە ساڵی 1913 بۆ یەکەمین جار ئافرەتانی کرێکار لە ڕووسیا بەشدار بوون لە "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" .ئەو کاتە، کاتی بەرەنگاربوونەوە بوو، کە تیزاریزم دەیویست کرێکاران و جوتیاران ڕاگرێت لە چاوەڕوانی دا. یاخود دەیویست بە هیچ جۆرێک بیر لە مەراسیمی " ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" بە شێوەی خۆپیشاندان نەکەنەوە. بەڵام ڕێکخراوبوونی ئافرەتانی کرێکار توانیان ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی بگێرن. هەردوو ڕۆژنامەی یاسایی چینی کرێکار....پراڤدای بەلشەفیکەکان و لۆچی مەنشەفیکەکان...وتاریان دابەزاد سەبارەت بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهان: (5) وتاری تایبەتی یان نووسی لە سەر ئەوانەی جێگایان دیارە لە ناو بزووتنەوەی ئافرەتانی کرێکار، هەروەها پەیام ناردن بۆ هاوڕێیان لەوانە: بیبل و کلارا زکتین.(6)

لەوساڵە شومانەی کە ڕێگە بە کۆبوونەوەکان دەگیرا. بەڵام لە پترۆگراد ئەو کرێکارە ئافرەتانەی کە ئەندامی پارتی بوون کۆری جەماوەریان ڕێکدەخست لە سەر "مەسەلەی ئافرەتان" چوونە ژوورەوە 5 کۆپیکس بوو.ئەم کۆبونەوانە ئەگەر چی نایاسایی بوون، بەڵام هۆلەکان بە تەواوی جمەیان دەهات لە خەڵک. ئەندامەکانی پارتی باسیان پێشکەش دەکرد. بەڵام ئەم چالاکی یانە "داخران" کۆبوونەوەکان بە خۆراگری کۆتایی یان پێهات کاتێ پۆلیس سەرکوتکەرانە ڕێگەی گرت لە وتەبێژان. هەروەها کەوتە ترساندن و هەرەشە و گرتنی قسەکەرانی کۆبوونەوەکان. مانایەکی مەزن و تایبەتی هەبوو بۆ کرێکارانی جیهان ئافرەتانی ڕووسیا، ئەوان ژیان بەسەری دەبەن لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی تیزاریزم پێویستە پەیوەست بن بە هەر ڕێگەیەک کە بۆیان دەکرێ بۆ گەیشتن و بەرێوەبردنی ڕۆژی ئافرەتانی جیهان. ئەمە پەیامێک بوو بۆ لە خەو هەلسانی ڕووسیا لە ژێر دەسەڵاتی تزاری زیندان و لە سێدارە دان. بێ دەسەڵاتی لە کوشتنی کرێکاران ئازایەتی لە خەبات و خۆپیشاندان.

له ساڵی 1914 دا "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" له ڕووسیا باشتر ڕێکخرا. هەردوو ڕۆژنامەی کرێکاران پەیوەست بوونی خۆیان ڕاگەیاند به مەراسیمەکه. هاورێیانی ئێمه گەلێک سەختی و دژواریان چەشت بۆ ڕۆژی کرێکارانی ئافرەت . لەبەر دەست تێوەردانی پۆلیس ئەوان نەیان توانی خۆپیشاندان بەرێبخەن.ئەوانەی بەشدار بوون له خۆپیشاندانی "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" خۆیان بینییەوه له زیندانەکانی تزاری. هەروەها دواتر زۆربەیان ڕەوانەی باکووری سارد. دروشمی " له پێناوی دەنگدانی ئافرەتانی کرێکار" ئەمه به سروشتی بووه هۆی ئەوەی بانگەوازێک بێت بۆ ڕامالینی ئوتوکراسی.

## ڕۆژی ئافرەتانی جیهان،له دەورانی جەنگی ئیمپریالیستی دا

جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات، چینی کرێکار له تەواوی وولآتان بوونه کەرەسەی ئەم جەنگه.(7) سالآنی 1915-1916 "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" له تاراوگه نارازی بوون بەم رەوشه....باڵی چەپی ئافرەتانی سۆسیالیست هەمان تێروانینی پارتی بەلشەفیکی ڕووسیایان هەبوو بۆ گۆرینی 8ی مارس بۆ خۆپیشاندانی ئافرەتانی کرێکار له دژی جەنگ. بەلآم پارته سۆسیالیسته هەڵپەرستەکان له ئەلمانیاو له وولآتانی تر، رێگر بوون له بەر دەم چالآکی یەکانی ئافرەتانی سۆسیالیست له ڕێکخستنی ئاپۆره جەماوەری یەکان. هەروەها ڕەتکردنەوەی دانی پاسەپۆرت به ئافرەتانی سۆسیالیست بۆ وولآتانی بێلایەن له کاتێکدا ئافرەتانی کرێکار داوای کۆبوونەوەی جیهانی یان دەکرد بۆ ئەوەی به بۆرژوازی نیشان بدەن ئازایەتی و جەسووری هاوپشتی ئەنتەرناسیونالی بەردەوامه.

له ساڵی 1915 دا تەنها له نەرویج توانیان خۆپیشاندانێکی جیهانی بەرپابکەن له ڕۆژی ئافرەتان که نوێنەری ڕووسیا و وولآتانی بێلایەن ئاماده بوون. ئەوان پێیان وانەبوو رۆژی ئافرەتان ڕێکبخرێ له ڕووسیا له بەر دەسەلآتی تزاریزم و عەسکەرتاریەت دا.

ئەو ساڵه مەزنەی ،ساڵی 1917 ی مەزن، برسیەتی، ساردی، ناعەدالەتی، جەنگ، بەستەلەکی ئارامی کرێکارانی ئافرەت و ئافرەتانی جووتیاری ڕووسیای شکاند. له

8ی مارسی 1917دا له ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار، ئەوانی ژنانە سەرشەقامەکانی پترۆگراد. ئافرەتان.... بەشێک لە کرێکاران، هەروەها بەشێک لە خێزانی سەربازان بوون.... داخوازی یەکانیان ئەمانە بوون "نان بۆ منالەکانمان" گەرانەوەی هاوسەرەکانمان لە بەرەکانی جەنگ". لەو کاتە یەکلاکەرەوەیەدا خۆپیشاندانی ئافرەتانی کرێکار ترس و هەرەشەی خستە نێو دەسەلاتداران و بە تایبەتیش هێزی ئاسایشی تیزاری، کە نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن لە دژی یاخیبووەکان، بەلام سەیریان دەکرد و نەیان دەزانی چ بریارێک دەرکەن. چونکە لە بەرامبەری یاندا خەباتی جەماوەری شەپۆلی دەدا وەکو گەردەلولاوی دەریا.

ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار لە سالّی 1917 دا بوو بە ڕۆژێکی لە بیر نەچوو لە مێژوودا. لەو ڕۆژگارەدا ئافرەتانی ڕووسیا بوون بە مەشخەلّی بەرزکردنەوەی شۆڕشی کرێکاری و هەلّکردنی ئاگری شۆڕش لە جیهاندا. شۆرشی شوبات لەم ڕۆژەدا دەستی پێکرد.

## بانگەوازی ئێمە بۆ تێکۆشان

"ڕۆژی ئافرەتانی جیهان"، 10 سالّ لەمەوبەر پێک هات وەکو کەمپینێک بۆ یەکسانی سیاسی بۆ ئافرەتان و خەبات کردن بۆ سۆسیالیزم. ئەم ئامانجانە بە دەست هاتن لە ڕێگای چینی کرێکاری ئافرەتی ڕووسیا. لە کۆماری سۆڤیەتی ئافرەتانی کرێکار و جوتیاران پێویستی یان بەوە نەبوو خەبات بکەن بۆ مافی دەنگدان یاخود مافە مەدەنی یەکان. ئەوان هەر ئەو کات ئەم مافەیان بە دەست هێنابوو. کرێکارانی ڕووسیا و ئافرەتانی جووتیار هاونیشتیمانی یەکسانن.......دەسەلاتیان بە دەستەوەیە ئەوەش کارەکانی ئاسان کردوون بۆ تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشتر. مافی دەنگدان بەشێکە لە سۆڤیەت و تەواوی ڕێکخراوەکان.(8)

ئەم مافانە بە تەنها بەس نیە. ئێمە پێویستە فێر بین چۆن ئەم مافانە بەکاربێنین، مافی دەنگدان چەکێکە پێویستە فێری بین چۆن بە قازانجی خۆمان بەکاری دەهێنین، بۆ شتی بەکەلّک و کۆماری کرێکاری. لە ماوەی 2 سالّ دەسەلاتی سۆڤیەتی دا ژیان بە تەواوەتی هەمووی نەگۆڕاوە، ئێمە لە پرۆسەی خەبات داین بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم هەروەها ئێمە لە دونیایەک دەژین هێشتا تاریکی و

سەرکوتکردنی رابردوو لە ناو نەچووە. کۆتی خێزان، کاری نێومالّی ئافرەتان، لەشی فرۆشی قورسای زۆری هەیە لە سەر ئافرەتانی کرێکار. ئافرەتانی کرێکار و ئافرەتانی جووتیار کاتێ دەتوانن رزگاریان بێت لەم هەلومەرجە و یەکسانی هەمەلایەنە بە دەست بێنن لە ژیانی خۆیاندا، نەک تەنها لە یاسا، ئەگەر هەرچی هێز و توانایان هەیە بیخەنە کار بۆ گواستنەوەی ڕووسیا بۆ کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی.

بۆ هاتنی بە خێرایی ئەم رۆژە، ئێمە پێویستە یەکەمین شت تێکشکانی ئابووری ڕووسیا راست کەینەوە . ئێمە پێویستە بیر لە ڕێگا چارەیەک بکەینەوە بۆ ئەم دوو ئەرکە راستەوخۆیە... بنیاتنانی بە چاکی ڕێکخستنی هێزی هۆشیاری سیاسی کرێکاران و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. ئەگەر هێزی کرێکاران بجولێ بە شێوەیەکی باش ئێمە سەرکەوتن بە دەست دێنین جارێکی تر دەبینەوە خاوەن شەمەندەفەری هەلّمی: شەمەندەفەری هاتوچۆ دەست بەکاردەکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کرێکارانی ئافرەت و کرێکارانی پیاو نان وداری سوتان بە دەست دێنن.

گەرانەوەی هێلی هاتوچۆ بۆ قۆناغی ئاسایی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم خێرا دەکات. هەروەها سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەندە بە تەواو بوونی بنچینەیی یەکسانی هەمەلایەنەی ئافرەتان. بۆیە پێویستە پەیامی "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" ئەم سالّ ئەوە بێت: کرێکارانی ئافرەت، ئافرەتانی جووتیار، دایکان، هاوسەرەکان، خوشکەکان، ئەو هەموو تێکۆشانەی یارمەتی کرێکاران و هاوریان نیگەرانیەکان هەرەس پێ دێنی سەبارەت بە شەمەندەفەری هاتوچۆ و دووبارە بنیاتنانەوەی هێلی هاتوچۆ. هەموومان لە تێکۆشان داین لە پێناوی بە دەست هێنانی نان و داری سوتاندن و کەرەستەی خاو."

سالّی رابردوودا دروشمی رۆژی کرێکارانی ئافرەت ئەمە بوو."هەموو شتێ لە پێناوی سەرکەوتنی بەرەی سوور"(9). ئێمە ئێستا بانگەوازی کرێکارانی ئافرەت دەکەین بێنە مەیدان بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان لە بەرامبەر بەرەی زەردی تازە.....بەرەی کرێکاری! سوپای سوور دوژمنی دەرەکی تێک شکاند لە بەرئەوەی ڕێکخراوبوو، بە دیسپلین بوو هەروەها ئامادە بوو بۆ قوربانی دان بەخۆ. لە گەل ڕێکخستن. کاری زۆر، دیسپلین، هەروەها قوربانی دان بەخۆ، کۆماری کرێکاران هەرەس پێهێنانی دوژمنی ناوخۆ بوو....لە جێ چوونی هێلی هاتوچۆ و ئابووری،

برسیەتی، ساردی، نەخۆشی. "هەموو یەکێک بۆ سەرکەوتنی بەرەی بێ خوێن ڕشتنی کرێکاران! هەموو یەکێک بۆ ئەم سەرکەوتنە!"

## ئەرکە تازەکان لە ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار

شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکسانی دا بە ئافرەتان لە گەل پیاوان تارادەی پێویستی مافە شارستانی یەکان. ئافرەتانی پرۆلیتاری لە ڕووسیا  چەند ساڵ لەمەوبەر دەیان نالاند بە دەست بەدبەختی و چەوسانەوە، بەڵام ئێستا لە کۆماری سۆفیەتی دا دەتوانن بە شانازی یەوە نیشانی هاورێیانی یان بدەن لە وولاتانی تر رێبازی یەکسانی سیاسی لە گرەوی بنیاتنانی دەسەلاتی پرۆلیتاریا و دەسەلاتی شوراکانە.

ئەم حالەتە لە وولاتە سەرمایەدارەکانی تر جیاواز بوو، لەوێ هێشتا  ئافرەتان زیاد لە پێویست کار دەکەن و بێ بەشن. لەم وولاتانەدا دەنگی ئافرەتان کزەو مردووە. لە راستی دا لە وولاتانی بێلایەن .... لە نەروێج، فەرەنسا، فینلەند، لە هەندێ وولاتانی ئەمریکای باکوور......ئافرەتان مافە شارستانی یەکانیان بە دەست هێناوە هەتا پێش دەست پێکردنی جەنگیش (10)

لە ئەلمانیا، دوای رووخانی قەیسەرو بنیاتنانی کۆماری بۆرژوازی، سەرکردایەتی کردنی ناوەندی(11) لە 36 ئافرەت کە چوونە ناو پەرلەمان..... بەلاّم یەک دانەشیان کۆمۆنیست نەبوون.

لە ساڵی 1919، لە بەریتانیا ئافرەتانێک بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی پەرلەمان، بەلاّم ئەو کەسە کێ بوو؟ ئەو (خانمە)  ئەمەش مانای ئەوەیە مولکدار یان ئەرستۆکرات بوو.(12)

لە فەرەنسا، هەروەها  مەسەلەیەک هاتە پێشەوە دواتر درێژکرایەوە بۆ مافی دەنگدانی ئافرەتان.

بەلاّم چۆن ئەم مافانە بە کاردێنین بۆقازانجی ئافرەتانی کرێکار لە چوارچێوەی پەرلەمانی بۆرژوازی؟ لە کاتێک دا دەسەلاّت لە دەستی سەرمایەدارەکان و مولّکدارەکان دا بێت، بە هیچ جۆرێک مافە سیاسیەکان ناتوانی  ئافرەتانی کرێکار

بپارێزێ لە جێگاو شوێنی کۆیلەتی یان لە ماڵ و لە کۆمەڵگە. بۆرژوازی فەرەنسی ئامادەیە بەرتیلێکی تر فرەدەن بۆ چینی کرێکار، لە ترسی گەشەسەندنی بیروباوەری بۆلشەفیکەکان لە نێو کرێکاران: ئامادە بوون مافی دەنگدان بدەن بە ئافرەتان.(13)

# مستەر بۆرژوازی سێر....کاتت بەسەر چوو!

دوای ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، بە تەواوی ڕۆشنە بۆ ئافرەتانی کرێکار لە فەرەنسا، بەریتانیا هەروەها لە وولاتانی تر تەنها دەسەلاتی چینی کرێکاران، دەسەلاتی شوراکان زامنی پاراستنی یەکسانی هەمەلایەنەیە. گەورەترین سەرکەوتنی کۆمۆنیزم پچران و هێنانە خوارەوەی دەسەلاتی دونیای کۆنە.........ئەگەر ئەرکی " ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی کرێکار " لە دەورانی پێش ئێستا لە بەرامبەر دەسەلاتدارانی بالای پەرلەمانی بۆرژوازی خەبات بوو لە پێناوی مافی دەنگدانی ئافرەتان، ئەوە ئەرکی ئێستای چینی کرێکار بریتی یە: لە ڕێکخستنی ئافرەتانی کرێکارە لە دەوری دروشمی ئەنتەرناسیونالی سێیەم. گوێ لەم بانگەوازەی ڕووسیا بگرن..

" ئافرەتانی کرێکار لە سەرتاسەری دونیا! خۆتان ڕێکخەن و بەرەیەکی یەکگرتووی پرۆلیتاری بنیاتبنێن بۆ تێکۆشان لە دژی ئەوانەی ئەم جیهانە تالان دەکەن! بروخێ پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی! پیرۆز بێت دەسەلاتداری شوراکان! لەناوچێت نایەکسانی و چەوساندنەوە لە نێوان ئافرەت و پیاودا! ئێمە لە خەبات داین لە گەل کرێکاران بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیونالی!"

ئەم بانگێشە بۆ یەکەم جار لە ناوەندی هەوالەکانی نەزمی نویٚ، لە بەرەکانی شەری ناوخۆ دەبیسترا، وە دەنگە ژێکانی دڵی ئافرەتانی کرێکاری وولاٚتانی تری دەدا. ئافرەتانی کرێکار گویٚ دەگریٚ و بڕوا دەکا بەوەی ئەم بانگێشەیە راستە. تاوەکو ئەم دواییانەش برۆایان وا بوو کە ئەگەر توانیان چەند نوێنەرێک بنێرن بۆ پەرلەمان، ژیانیان ئاسانتر دەبێت وە زیاتر بەرگەی ستەمکاری سەرمایەداری دەگرن. ئێستا پێچەوانەکەی دەزانین.

تەنها بە لە ناوچوونی سەرمایەداری و بنیاتنانی دەسەلاٚتی شورایی دەتوانین خۆمان بپارێزین لە دونیای پڕ لە زوڵم و، شەرمەزاری و نایەکسانی ئەم ژیانە بۆئافرەتانی کرێکار لە وولاٚتە سەرمایەدارەکان زۆر قورس کردووە. "ڕۆژی ئافرەتانی کرێکار" وەرچەرخانە لە خەبات کردن لە مافی دەنگدانی ئافرەتان بەرەو ڕۆژێکی جیهانی بۆتێکۆشانی هەمەلایەنە و رەهای رزگاری ئافرەتان، ئەمەش مانای تێکۆشانە بۆ سەرکەوتنی شوراکان و کۆمۆنیزم!

- بروخیٚ دونیای هەژاری و دەسەلاٚتی سەرمایە!
- لە ناوچێت نایەکسانی، بیٚ مافی و چەوساندنەوەی ئافرەتان.....میراتی بۆرژوازی جیهانی!
- بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی ی جیهانی نێوان کرێکارانی ئافرەت و کرێکارانی پیاو لە خەباتدا لە پێناوی دەسەلاٚتی کرێکاران......کرێکارانی هەردوو ڕەگەز!

## کورتەیەک لە ژیاننامەی سیاسی ئەلێکسەندرا کۆلنتای

### ئەلێکساندرا کۆلنتای (1872-1952)

لە ساڵی 1890 پەیوەندی کردووە بە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی دیموکراتی ڕووسیا، هەڵسووراو بووە لە بزووتنەوەی ئافرەتانی

سۆسیالیستی جیهانی، بەر لە ساڵی 1914 ئەندامی مەنشەفیکەکان بووە. لە ساڵی 1917دا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (بەلشەفیەکان) و کۆمیساری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی سۆڤیەتی. لە گەل بۆخارین بووە لە فراکسیونی "کۆمۆنیزمی چەپ"، دژی ڕێکەوتننامەی ئاشتی بریست لیتۆفیسک، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی " ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی" پۆستی کاری دیبلۆماتیکی پێسپردراوە لە مەکسیکۆ و لە وولاّتانی ئەسکەندەناڤی. هاوسۆزی هەبوو لە گەل "ئۆپۆسیۆنیی چەپ" دواتریش گونجا لە گەلیان.

# Notes

1. Tsarist Russia still used the old "Julian" calendar of the Middle Ages, which was 13 days behind the "Gregorian" calendar used in most of the rest of the world. Thus March 8 was "February 23" in the old calendar. This is why the revolution of March 1917 is called "the February revolution" and that of November 1917 "the October revolution.".[RETURN TO TEXT]

2. [RETURN TO TEXT]

3. Clara Zetkin was a leader of the German socialist movement and the main leader of the international working women's movement. Kollontai was a delegate to the international conference representing the St. Petersburg textile workers.[RETURN TO TEXT]

4. This is not accurate. The vast majority of unskilled workers in England, France and Germany could not vote. A smaller percentage of working class men in the United States could not vote -- in particular immigrant men. In the South of the US black men were often prevented from voting. The middle class suffrage movements in all the European countries did not fight to give votes to either working class women or men.[RETURN TO TEXT]

5. At its 1903 Congress, the Russian Social Democratic Labor Party divided into two wings, the Bolsheviks (which means "majority" in Russian) and the Mensheviks (which means "minority). In the period between 1903 and 1912 (when the division became permanent) the two wings worked together, unified for a while, split again. Many socialists, including entire local organizations, worked with both wings or tried to stay neutral in the disputes. Kollontai, an active socialist and fighter for women's rights since 1899, was at first independent of the factions, then became a Menshevik for several years. She joined the Bolsheviks in 1915 and became the only woman member of their central committee. She also served as Commissar of Welfare of the Soviet Republic and head of the Women's Section of the Bolshevik Party.[RETURN TO TEXT]

6. August Bebel (1840-1913) was a leader of the German Social-Democratic Party. He was a well-known supporter of the women's movement and author of a classic book on Marxism and women (*Die Frauenfrage,* translated into English as *Woman Under Socialism*, which has been translated into many languages.[RETURN TO TEXT]

7. When war broke out in 1914, there was a massive split in the international socialist movement. The majority of the Social Democrats in Germany, Austria, France and England supported the war. Other socialists, such Kollontai, Lenin, the Bolshevik Party and Trotsky in Russia, Clara Zetkin and Rosa Luxemburg in Germany and Eugene Debs in the United States, to name some of the leaders, denounced the pro-war socialists for being traitors to the working class and to the fight for a workers' revolution.[RETURN TO TEXT]

8. The word "soviet" means "council." Soviets, or workers' councils, are democratic bodies in which delegates are elected in factory and neighborhood meetings and are controlled by their sister and brother workers. The representatives of the soviets must report back to their constituency and are subject to immediate recall.[RETURN TO TEXT]

9. After the working class seizure of power in October/November 1917, the Russian workers' state was faced with two major

problems. One was an invasion by thirteen countries, including the United States; the second was resistance by the pro-monarchist and pro-capitalist elements in Russia. Primarily under the direction of Leon Trotsky, the soviets created a workers and peasants army, the Red Army, which defeated the forces of counterrevolution.[RETURN TO TEXT]

10. Women had won the right to vote in several of the United States prior to World War I. A federal amendment guaranteeing all women over 21 the right to vote was passed on August 26, 1920. It was not until the 1960s that the last legal barriers to working class people voting in the United States were abolished.[RETURN TO TEXT]

11. The "compromisers" Kollontai is referring to are the Social Democratic leaders who formed a new capitalist government in Germany after the fall of the Kaiser in 1918. They actively supported counterrevolution after coming to office.[RETURN TO TEXT]

12. While the aristocratic Lady Astor was indeed the first woman to serve in the British parliament, the first woman *elected* to parliament was the Irish revolutionary Constance Markievicz. Together with other members of the Sinn Fein party, she refused to take her seat in the imperial parliament.[RETURN TO TEXT]

13. French women did not finally get the vote until after World War II.[RETURN TO TEXT]